*Journal of Language Studies* Vol.10, No.1, Part 1, 2026, Pages (154-182)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.10.1.P1.10

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# Styles of Linguistic Economy in the Poems of (Talaat Tahir)

Dr. Rizgar Ismael Kareem *
Department of Kurdish Language/ College of Languages / Salahaddin University
rizgar.kareem@su.edu.krd
&
Dr. Sakar Anwar Hamed
Department of Kurdish Language/ College of Languages / Salahaddin University
sakar.hameed@su.edu.krd

**Received:** 04/11/2025, **Accepted:** 01/12/2025, **Online Published:** 31/03/2026

## Abstract

Economizing words and phrases to convey meaning in the most effective and concise way, using the fewest words to create the greatest poetic impact, refers to economy in poetic language. This research, titled "(Styles of Linguistic Economy in the Poetry of Tala'at Tahir, exemplified by his poetry collection 'Your Name is My Signature')," is a descriptive analytical study. Linguistic economy refers to saving in linguistic tools, as a speaker or poet seeks to reduce physical or mental effort in expression, while achieving an expected benefit that creates a balance between effort and outcome. Poetic economy can be linked to the art of rhetoric in conciseness, where the poet reduces the number of words to make the text more effective and powerful, provided that ambiguity is not created. This includes using a single word that carries multiple meanings or avoiding the repetition of words and phrases if possible. Economizing in poetic language aims to achieve a precise balance between the use of linguistic elements and expressions, to

* **Corresponding Author**: Dr. Rizgar Ismael kareem, **Email**: rizgar.kareem@su.edu.krd

**Affiliation**: **Department of Kurdish Language/ College of Languages / Salahaddin University – Erbil.**

© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

ensure the beauty and strength of the poetic text, and to avoid excessive use of linguistic tools in inappropriate places, provided that ambiguity is not created. In short, economy in poetic language is the art of using words with utmost care, in such a way that each word carries its own weight and meaning, creating a solid and powerful poetic text that achieves a balance between conciseness and rhetoric, as well as between the effort expended and the intended goal.

This research utilized the methods of (substitution, abbreviation, deviation) in linguistic economy, and applied them to all linguistic levels. It consists of two sections, along with the abstract in Arabic and English, as well as an introduction, results, and a list of sources.

**Keywords:** Economy, Poetic Language, Deviation, Abbreviation, Substitution.

## اساليب الاقتصاد اللغوي في قصائد(طلعت طاهر)

د. رزگار اسماعيل كريم
**قسم اللغة الكردية / كلية اللغات / جامعة صلاح الدين**
د. ساكار انور حميد
**قسم اللغة الكردية / كلية اللغات / جامعة صلاح الدين**

**المستخلص**

يشير الاقتصاد في اللغة الشعرية إلى توفير الكلمات والعبارات لإيصال المعنى بالطريقة الأكثر فعالية وإيجازًا، باستخدام أقل عدد من الكلمات لخلق أكبر تأثير شعري. هذا البحث، بعنوان "(أساليب الاقتصاد اللغوي في شعر طلعت طاهر، متمثلاً في ديوانه الشعري 'اسمك توقيعي')،" هو دراسة وصفية تحليلية. يشير الاقتصاد اللغوي إلى التوفير في الأدوات اللغوية، حيث يسعى المتحدث أو الشاعر إلى تقليل الجهد الجسدي أو العقلي في التعبير، مع تحقيق فائدة متوقعة تخلق توازنًا بين الجهد والنتيجة. يمكن ربط الاقتصاد الشعري بفن البلاغة في الإيجاز، حيث يقلل الشاعر عدد الكلمات لجعل النص أكثر فعالية وقوة، شريطة عدم خلق غموض. يشمل ذلك استخدام كلمة واحدة تحمل معاني متعددة أو تجنب تكرار الكلمات والعبارات إن أمكن. يهدف الاقتصاد في اللغة الشعرية إلى تحقيق توازن دقيق بين استخدام العناصر والتعبيرات اللغوية، لضمان جمال وقوة النص الشعري، وتجنب الإفراط في استخدام الأدوات اللغوية في غير مكانها، شريطة عدم خلق غموض. باختصار، الاقتصاد في اللغة الشعرية هو فن استخدام الكلمات بأقصى درجات العناية، بحيث تحمل كل كلمة وزنها ومعناها الخاص، مما يخلق نصًا شعريًا متينًا وقويًا يحقق توازنًا بين الإيجاز والبلاغة، وكذلك بين الجهد المبذول والهدف المنشود.

استخدم هذا البحث أساليب (استبدال، الاختصار، الانحراف) في الاقتصاد اللغوي، وتم تطبيقها على جميع المستويات اللغوية. يتكون من قسمين، بالإضافة إلى ملخص البحث باللغتين العربية والإنجليزية، ومقدمة ونتائج وقائمة المصادر.

**الكلمات المفتاحية :**الاقتصاد، اللغة الشعرية، الانحراف، الاختصار، استبدال.

## شێوازەکانی ئابووریکردنی زمان لە شیعرەکانی (تەڵعەت تاهیر) دا

**د. ڕزگار اسماعیل کریم**
**بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی زمان/ زانکۆی سەڵاحەدین**
**د. ساکار انور حمید**
**بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی زمان/ زانکۆی سەڵاحەدین**

### پوختە

پاشەکەوتکردنی وشە و دەستەواژەکان بۆ گەیاندنی مانا بە کاریگەرترین و کورتترین ڕێگا، بەوەی، کە کەمترین ژمارەی وشە بەکاربهێنرێت بۆ دروستکردنی گەورەترین کاریگەریی شیعری، بە واتای ئابووریکردن لە زمانی شیعری دێت. ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی **(شێوازەکانی ئابووریکردنی زمان لە شیعرەکانی (تەڵعەت تاهیر)دا ، بە نموونەی دیوانە شیعری (ناوی تۆ ئیمزای منە) )** ، توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە. ئابووریی زمانی، ئاماژەیە بۆ پاشەکەوتکردن لە ئامرازە زمانییەکاندا، وەک ئەوەی قسەکەر یان شاعیر هەوڵی جەستەیی یان دەروونی لە دەربڕیندا کەم بکاتەوە، لەگەڵ بەدەستهێنانی سوودێکی چاوەڕوانکراو، کە هاوسەنگییەک لە نێوان هەوڵ و دەرەنجامدا دروست بکات. دەتوانرێت ئابووریی شیعری بە هونەری ڕەوانبێژی لە کورتکردنەوەدا ببەسترێتەوە، کە تێیدا شاعیر ژمارەی وشەکان کەمدەکاتەوە بۆئەوەی دەقەکە کاریگەرتر و بەهێزتر بێت بە مەرجی دروستنەبوونی لێلی واتایی ، وەک بەکارهێنانی یەک وشە، کە چەندین مانا هەڵبگرێت یان دوورکەوتنەوە لە دووبارەکردنەوەی وشە و دەستەواژەکان ئەگەر بکرێت. ئابووریکردن لە زمانی شیعری، ئامانجی ئەوەیە هاوسەنگییەکی ورد لە نێوان بەکارهێنانی توخمە زمانی و دەربڕینەکاندا بەدیبهێنێت، بۆ دڵنیابوون لە جوانی و بەهێزیی دەقە شیعرییەکە، و دوورکەوتنەوە لە زیادەڕەوی لە بەکارهێنانی ئامرازە زمانییەکان لە شوێنی نەگونجاودا بە مەرجی دروستنەبوونی لێڵواتایی. بە کورتی، ئابووری لە زمانی شیعریدا، هونەری بەکارهێنانی وشەکانە بەوپەڕی وریاییەوە، بە شێوەیەک، کە هەر وشەیەک کێش و مانای خۆی هەبێت، ئەمەش دەقێکی شیعریی پتەو و بەهێز دروست دەکات، کە هاوسەنگییەک لە نێوان کورتکردنەوە و ڕەوانبێژی و هەروەها لە نێوان هەوڵی بەکارهاتوو و ئامانجی مەبەستدا بەدیدەهێنێت.
لەم توێژینەوەیەدا شێوازەکانی(لەبریدانان، کورتکردنەوە، لادان) لە ئابوریکردنی زمان بەکارهاتووە، هەروەها هەموو ئاستەکانی زمانی تێدا بەکارهاتووە، لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزیی ، و پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان.

**-وشە سەرەکییەکان**: ئابوریکردن، زمانی شیعری، لادان، کورتکردنەوە، لەبریدانان .

### پێشەکی:

زمان وەك سیستەمێکی ئابووری کاردەکات ، هەوڵدەدات بە کەمترین تێچوو زۆرترین زانیاری بەرهەمبهێنێت ، ئەم دیاردەیەش لە هەموو زمانانی دونیا بەدیدەکرێت . ئابووریکردنی زمان ئاماژەیە بۆ بنەمای بەکارهێنانی

کەمترین وشەی پێویست بۆ گەیاندنی بیرۆکەیەک یان هەستێک بە شێوەیەکی کاریگەر. ئەم چەمکە جەخت لەسەر ڕوونی، وردی و پوختەیی لە نووسیندا دەکاتەوە، و هانی نووسەران دەدات ، کە وشەی ناپێویست لاببەن لە هەمان کاتدا وێنەی بەهێز و دەنگدانەوەی هەستەکی بپارێزن. چەمکی ئابووری لە زمانناسیدا دەتوانێت چەندین بەها و واتای جیاوازی هەبێت و دەکرێت لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە سەیربکرێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. "ئابووری" واتای قازانج، پاشەکەوت، باری کەمتر، و پاشەکەوتکردن دەدات؛ ئەم چەمکە سەبارەت بە بەڕێوەبردنی باشی سەرچاوەکان لەماڵێکدا دەکرێت بە شێوەیەکی مێتافۆری لە ئاستێکی کۆمەڵایەتییەوە بگوازرێتەوە بۆ ئاستێکی زمانەوانی؛ بەم واتایە، زمان بە گشتی هاوسەنگییەکی گونجاو نیشاندەدات ، کە لە دابەشکردنی دروستی هێزە ناوخۆیی و دەرەکییەکان سەرچاوەدەگرێت ، لەم گۆڕانی زمانەوانی، بەریەککەوتن لەگەڵ واقیعە جیاوازەکان و توخمە جۆراوجۆرەکانی تر بەردەوام هاوردەیان دەکات، کە دەبنە هۆی گۆڕانکاری و ناتەواوی بە زیانی پەیوەندی. لەبەرئەوە، ئابووری لە زماندا کاریگەرییەکی بەهێزی کۆنترۆڵکردنی بەسەر تەواوی سیستەمەکەدا هەیە ، شتێك کە بە کەمترین تێچووی گونجاو لە ڕووی وزەوە جێبەجێ دەکرێت.

**(٠-١) ناونیشانی توێژینەوەکە :**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (شێوازەکانی ئابووریکردنی زمان لە شیعرەکانی (تەلعەت تاهیر) دا)یە، هەوڵدراوە، ئابوریکردن لە زمانی شیعریدا، لە چوارچێوەی شیعرەکانی (تەلعەت تاهیر) بخرێتەڕوو.

**(٠-٢) سنووری توێژینەوەکە :**

سنووری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە نموونەی شیعرەکانی نێو دیوانی (ناوی تۆ ئیمزای منە)ی (تەلعەت تاهیر)ە ، کراوەتە ئامانجی دەستنیشانکردنی شێوازەکانی ئابوریکردن لە زمانی شیعریدا، کە بە دیالێکتی ناوەڕاست نووسراوەتەوە، بەگشتی، لە هەموو ئاستەکانی زماندا تیشکخراوەتەسەر ئابووریکردن لە زمانی شیعریدا.

**(٠-٣) گریمانەی توێژینەوەکە :**

گریمانەی ئەم توێژینەوەیە لەم پرسیارانەی خوارەوە سەرچاوەیگرتووە:

1_ شاعیر بۆ چ مەبەستێك ئابووریکردنی زمان لە شیعرەکانیدا دەکات؟

2_ گرنگیی ئابووریکردنی زمانی لە شیعردا چییە؟

3_ چۆن بنەماکانی ئابووری زمان دەتوانن ببنە هۆی ڕەنگدانەوەی هەستێکی زیاتر لە شیعردا؟

**(٠-٤) ڕێبازی توێژینەوەکە :**

ئەم توێژینەوەیە، پەیڕەوی ڕێبازی (وەسفی_شیکاری) دەکات بۆ خستنەڕووی لایەنە ئابوورییەکانی زمان لەنێو دەقە شیعرییەکانی شاعیر، کە بەپێی تیۆری (ئاسانکاری_کەمترین هەوڵ) کاردەکات.

**(٠-٥) گرنگیی و هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە :**

شاعیر هەوڵدەدات لە ڕێگەی ئەم تەکنیکەوە (ئابووریکردن) وێنەی جوانی بەهێز و هەستی کاریگەریی جۆراوجۆر دروستبکات ئەمە لەلایەک، لە لایەکیترەوە بۆ دوورکەوتنەوە لە درێژدادڕی و زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی کەرەستە زمانییە جۆراوجۆرەکان لە شوێنی نەگونجاودا بە مەرجی تێکنەدانی واتا لە دەقەکەدا ، لە بەرانبەردا بە پێدانی واتایەکی زۆر و قووڵ ، ئەم تاتبەتمەندییانەش لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا و شیعرەکانی (تەڵعەت تاهیر)یش بەدیدەکرێت و توێژینەوەی کەم لەم بارەیەوە ئەنجامدراوە.

**(٠-٦) ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی، لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم، بریتییە لە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە، کە لەم بەشانەی خوارەوە پێکهاتووە : پەیوەندی نێوان زمان و ئابوریکردن، چەمك و پێناسەی ئابوریکردن لە زماندا، جۆرەکانی ئابووریکردن لە زماندا ، پەیوەندی نێوان شیعر و ئابوریکردن. بەشی دووەمیش بریتییە لە چوارچێوەی پراکتیکی توێژینەوەکە، لەمانە پێکدێت : شێوازەکانی ئابووریکردنی زمان لە شیعرەکانی (تەلعەت تاهیر)دا، لەبریدانان، کورتکردنەوە، لادان. لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

**- بەشی یەکەم: لایەنی تیۆریی توێژینەوە (ئابووریکردن لە زماندا):**

**1_1_ چەمك و پێناسەی ئابووریکردن لە زماندا:**

چەمکی ئابووری لە زماندا نوێ نییە؛ بەڵکو لە مێژووی زمانەوانیدا بە شێوازی جیاواز، هەموو زمانانی دونیا پەیڕەوی دەکەن و دەرکەوتەی هەیە، بۆ مەبەستی کەمکردنەوەی هەوڵ و کات لەکاتی پەیوەندیکردندا بەکاردەهێنرێت. ئەم چەمکە لەلایەن زمانەوانان پێناسە و تێڕوانینی جیاوازیی بۆ کراوە، بۆ ئەم مەبەستە لێرەدا هەندێك لەو پێناسانەی بۆ دەخەینەڕوو: وەک ویلیام دوایت ویتنی (William Dwight Whitney) ئاماژەیان بە "دەستپێوەگرتنی" زمان کردووە و تێبینی ئەوەیان کردووە، کە (قسەکەران مەیلیان هەیە "لە کاری دەربڕیندا کات و هەوڵ پاشەکەوت بکەن". دواتر، هێنری سویت (Henry Sweet) دوو پاڵنەری ڕکابەری لە گۆڕانی زماندا دیاری کرد – مەیلی بەرەو جیاوازی (ڕوونی بۆ گوێگر) و مەیلی بەرەو ئاسانی یان ئابووریی هەوڵ بۆ قسەکەر)*. لەلایەکی ترەوە (پیرگیرۆ) ئابووریی زمانی بە واتاوە دەبەستێتەوە، و چۆن ئابووری کاردەکاتە سەر ئاراستەکردنی واتا، ئەمەش لە وتەکەیدا دەردەکەوێت: (ئابووری لە زماندا، بەندە بە مەرجی کەمترین هەوڵدان، لەبەرئەوە بە سەرچاوەیەکی تری گۆڕینی واتا دادەنرێت) (جیرو،1989: 74).

ئاندرێ مارتینێ، کە یەکێکە لە لایەنگرانی ڕێبازی ئەرکی (functionalism)، پێیوایە ، کە ئابووری بریتییە لەو پەیوەندییەی ، کە لە نێوان پێکهاتەی زمان لە لایەک و ئەرکی زمان لە لایەکی ترەوە هەیە. ئەو وای دەبینێت ، کە ئابووری بە شێوەیەکی ڕوونتر لە ئاستی دووەمدا دەردەکەوێت، کە بە "دابەشبوونی دووانی" ( double articulation) ناسراوە. دەڵێت: (( دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە دابەشبوونی دووانی چی ئابوورییەک نیشاندەدات، چونکە ئەگەر پێویست بوایە بۆ هەر یەکەیەکی مانایی بچووک (morpheme) بەرهەمێکی دەنگیی تایبەت و شینەکراوەمان هەبووایە، ئەوا پێویستی دەکرد هەزاران لەو یەکانە لە یەکتر جیابکەینەوە، کە ئەمەش لەگەڵ تواناکانی دەربڕین و هەستی بیستنی مرۆڤدا ناگونجێت)) (دبة،2001: 109). پەیوەندیی ئابووریکردن بە زمانەوە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت،کە ((لە پەیوەندیکردندا چۆن بتوانرێت کەمترین هەوڵ و کات بەکاربهێنرێت و بە کەمترین دەربڕین پەیامی پێویست ئاڵوگۆڕبکرێت)) (قباوة،2001: 10). کەواتە؛ دەتوانین بڵێین: ئابووریکردن لەزماندا بریتییە لەوەی، کە ئاخێوەر هەوڵدەدات بەکەمترین وزە و کات زۆرترین واتا و مەبەست بۆ گوێگر بنێرێت.

**1_2_جۆرەکانی ئابووریکردن لە زماندا:**

---

(*) وەرگێردراوە لە گۆڤاری ئەمریکی بۆ پەروەردە و فێربوون AMERICAN JOURNAL OF EDUCATION AND LEARNING(ISSN: 2996-5128 (online) | ResearchBib (IF) = 10.91 IMPACT FACTOR | بەرگی-٣ | ژمارە-٨ ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە: |٣٠-٠٩-٢٠٢٥| لا: ٩٤ "

ئابووریکردنی زمان(Language Economy)، بنەمایەکی بنەڕەتی زمانە، ئاماژەیە بۆ ئەو ڕێگایانەی، کە زمان بەشێوەیەکی سروشتی خۆی ڕێکدەخات، بۆ گەیاندنی زۆرترین زانیاری بە کەمترین هەوڵ و کات. بەواتایەکی تر، لە زمانناسیدا، ئابوریکردنی زمان بریتییە لە کاریگەرییەکانی کەمکردنەوەی هەوڵ و سادەکردن لە زماندا. ئەم دیاردەیەش لە هەموو ئاستەکانی زماندا (فۆنۆلۆجی، لێکسیك، ڕێزمان ، سیمانتیک ، پراگماتیک ) ڕوودەدات. جۆرە سەرەکییەکانی ئابووریکردنی زمان لەسەر ئاستە جیاوازەکانی زمان، بریتین لەم جۆرانەی خوارەوە:

## 1_ئابووری فۆنۆلۆجی (Phonological Economy):

مەبەست لە ئابوری فۆنۆلۆجی، کەمکردنەوەی هەوڵ و سادەکردنی زمانە لە دەنگەکاندا، کە لە لێکدانی فۆنیمەکان دێنەبەرهەم، کاتێك، کە ((دەنگەکانی زمان دەکەونە پاڵ یەك بۆ داڕشتنی دانەی گەورەتر (بڕگە، وشە، ڕستە) کارلێك دەکەن، لە ئەنجامی ئەم کارلێککردنە دەنگ هەیە دەگۆڕێ، یان پەیدادەبێ،...هتد، ئەو بەشەی زانستیی زمان، کە یاساکانی ئەم لایەنەی زمان دەستنیشان دەکات بەیاسا فۆنۆلۆژییەکان ناودەبرێت)) (ئەمین، 1995: ٦٦)، یاساکان وەکو:

1_ کورتکردنەوەی دەنگ (Reduction):

بریتییە لە کەمکردنەوەی دەنگێك یا زیاتر لە وشەیەکی درێژدا، وەك:

نازانم—›نزانم

2_ دەنگ لابردن (Elision):

بریتییە لە لابردنی دەنگێك یا زیاتر بۆ ئاسانی قسەکردن، بۆ نموونە:

هەر ئەوە—› هەر ئەو .

3_گۆڕینی دەنگ(Assimilation):

بریتییە لە گۆڕینی دەنگێك و نزیککردنەوەی لە دەنگێکی تری نزیك، بۆ نمونە:

قەرەداغ—› قەرەداخ .

## 2_ ئابووری ڕێزمانی(Grammatical Economy):

بریتییە لە سادەکردنی پێکهاتە ڕێزمانییەکان، وەك (جێناوەکان، پەڕینەوە،کەرتبوونی ڕێزمان،...). بۆ نموونە:

**أ_جێناو(Pronouns):**

بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەکی کورت لەبری دەستەواژەیەکی درێژ یاخود گرێیەك، بۆ نموونە:

ئەو کچە—› ئەو .

**ب_ پەڕینەوە(...) (Ellipsis):**

بریتییە لە دەرنەخستنی وشەیەك یاخود نەهێشتنی ئەو بەشانەی ، کە لە ڕوانگەدا ڕوونن، زیاتر لە دەقی شیعردا بەکاردێت، کە بەشێوەی هێمای(...) سێ خاڵ دەنوسرێت،(من تیاچووم) —› ... تیاچووم .

**پ_ کەرتبوونی ڕێزمان(Gramaticalization ) :**

بریتییە لە گۆڕینی وشەی ئاسایی بۆ ئامرازی ڕێزمانی، بۆ نموونە: دەبێ—› بێ .

**3_ ئابووری لێكسیكی(Lexical Economy):**

ئابووری لێكسیكی بنەمایەكە، كە زمانەكان ئارەزووی ئەوەیان هەیە كارا بن بە بەكارهێنانی كەمترین وشەی گونجاو و ڕوون. بریتییە لە (كەمكردنەوەی زیادەڕۆیی لە ڕێگەی دووبارە بەكارهێنانەوەی وشە و پێكهاتە هەبووەكان، بەڵام دەكرێت هاوسەنگییەک لەگەڵ فراوانبوونی واتایی (semantic expansion) ڕابگیرێت، كە تێیدا واتای نوێ یان زاراوەی نوێ دروست دەكرێن بۆ پڕكردنەوەی پێداویستییە پەیوەندییە نوێیەكان)(Vicentini, 2003: 37). ئەم چەمكە سازانێكە لە نێوان هەوڵی قسەكەر و ئاسانیی تێگەیشتنی گوێگر.
بۆ نموونە:
_د.خ ← واتا دروودی خوای لەسەر بێت. ئابوریكردنی لێكسیكە لەشێوەی ئەكرۆنیم.
_ئەوروپا+ئاسیا= ئۆراسیا ←ئابوریكردنی لێكسیكە بە شێوەی داتاشین.

**4_ئابووری پراگماتیكی(Pragmatic Economy):**

ئابووری ڕێزمانی بنەمای باشكردنی زمانە بۆ گەیاندنی مانا بە شێوەیەكی كارا بە هاوسەنگكردنی ڕوونی و كورتی. (ئارەزووی زمانەكانە كە پێكهاتە ڕێزمانییەكان سادە بكەنەوە بۆ كەمكردنەوەی هەوڵەكان بۆ قسەكەران و نووسەران، لە هەمان كاتدا هێشتا ڕوونی بۆ گوێگران و خوێنەران دەپارێزن)(Fayzullaeva, 2025: 567). بۆ گەیاندنی زانیاری بە ناڕاستەوخۆیی بۆ نموونە:

_سارده ← واتا پەنجەرەكە دابخە.

یاخود بەكارهێنانی دەستەواژەی پێشوەختە بۆ هاوكاری، بۆ نموونە:

_سوپاس← واتا سوپاست دەكەم بۆ هاوكارییەكەت.

**1_3_ئابووریكردنی زمان لە شیعردا:**

زمانی شیعر؛ دیاردەیەكی تەواو ئاڵۆزە و پێچەوانەی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەیە، بەجۆرێك شاعیران بە بەزاندنی ڕێسا زمانییەكان پێكهاتەی زمانی وادادەهێنن، كە پێشتر نەبووە (short, 1989, 10). لەمبارەیەوە (محەمەد مەعروف فتاح) دەڵێ: ((زمانی شیعر بەرزترین و وردترین و ڕەسەنترین بەكارهێنانی زمانە)) (فەتاح، 2010، 401). واتە؛ شیعر لەڕێگەی زمانەوە ڕەهەندی ئێستاتیكی تایبەت وەردەگرێت، كە لە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی جیاوازە.

ڕۆڵی زمان لە شیعردا (( ڕەنگدانەوەیەكی ئاڵۆزی واتایە، نەك گوزارشتكار، واتایەك، كە بە ئاسانی بەدەستناهێنرێت و شاعیریش وەك ئاوێنەی جیهان سەیردەكات)) (كەمال، 2000، ل54)، بۆیە (رسكن) دەڵێت: ((شیعر دەرخستنی سۆزە لەڕێگەی ئەندێشە، واتە زمانێكی ناڕاستەوخۆیە)) (أمین، 1983، 27)، هەرلەم چوارچێوەیەدا (عەزیز گەردی) دەڵێت: ((زمانی شیعری ئەو زمانەیە، كە توانای هزرو هەست و بیر و خەیاڵی شاعیر پیشاندەدات و شێوازەكەی بەرجەستەدەكات بە فرەواتایی وشەكان و لادانەكانی و جوانی و...هتد، لەو ڕێیەشەوە دەق دەگەیەنێتە شاكارێكی گرنگ)) (گەردی، 2004، 83).

ئابووریی زمان لە شیعردا بە واتای بەكارهێنانی وشە و ئامرازە زمانییەكان بە كەمترین هەوڵی پێویست، لەگەڵ جەختكردنەوە لەسەر كارایی لە دەربڕینی واتا و بیرۆكەی فرەچەشن. ئەمەش لە ڕێگەی كورتكردنەوە، ڕەوانبێژی و پوختكردنەوەی وشەوە بەدیدێت ، كە وادەكات قەسیدەكە چڕ و كاریگەر بێت. هەر لە چوارچێوەی ئابووریكردن لە زمانی شیعردا، (عەلا ئەدین سەجادی) دەڵێت : (( وشەكان جێگیرترین لە دڵدا و لەسەر زمان ئاسانترین و واتای كۆكراوەیە. لەڕاستیدا ئەم كورتبڕی و درێژبڕییە بۆ پەخشانە، چونكە هۆنراوە خۆی بە سروشت ئەبێ كورتبڕی تێدا هەبێ)) (سەجادی، ١٩٧٨ ، ٤١ ). هەر لەمبارەیەوە (عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) دەڵێت :(( ئابووری زمانی ؛ یەكێكە لە گرنگترین تایبەتمەندییەكانی شیعری هاوچەرخ. لەم تەكنیكەدا شاعیر هەوڵدەدات بە كەمترین وشە قووڵترین و كاریگەرترین واتا بگەیەنێت )) ( ڕەسوڵ، ١٩٩٠ ، ٧٨). كەواتە؛ بۆمان دەردەكەوێت، ئابووریكردن لە زمانی

شیعردا تەکنیکێکی ئەدەبی و هونەری گرنگە. شاعیر هەوڵدەدات بە مەبەستی گەیاندنی، کاریگەرترین مانا لەڕێی کەمترین کەرەستەوە، زۆرترین واتا بە دەستەوە بدات کاریگەریی دەروونی زیاتر لەسەر بەرامبەر. پاراستنی کەمترین وزە و خۆپارێزیی لە زیادەڕۆیی. دروستکردنی وێنەی شیعری بەهێز بە کەمترین دەربڕاوی زمانی.

ئابووریی زمانی ئامانجی گەیاندنی زۆرترین واتا بە کەمترین ژمارەی وشەیە، هەروەک لە پارچە شیعرییەکاندا ڕوودەدات ، کە بە قەسیدەیەک لە یەک دێڕدا دادەنرێت. ئەوشیعرەی ، کە پەیڕەوی ئابووریی زمانی دەکات، خۆی لە درێژدادڕی و وشەی زیادە بەدوور دەگرێت، و جەخت لەسەر دەستەواژەی پوخت و کاریگەر دەکاتەوە. ڕەوانبێژیی خزمەت بە شیعر دەکات لە بەدیهێنانی ئابووریی زمانەوانیدا، کە تێیدا بەشدارە لە دۆزینەوەی گونجاوترین و کاراترین ئامرازی زمانەوانی بۆ دەربڕینی بیرۆکە و هەستەکان.

لە شیعردا، "ئابووریی زمان" بە واتای بەکارهێنانی وشەی هەڵبژێردراو و ورد بۆ گەیاندنی هەستی قووڵ و بیرۆکەی ئاڵۆز بە کەمترین دەق، دوورکەوتنەوە لە زیادەڕەوی بۆ گەیشتن بە واتایەکی ڕوون و کاریگەر دێت. ئەم چەمکە بریتییە لەوەی، کە هەر وشەیەک بۆ دەربڕینی واتای زیاتر لە چەند دێڕێکی کەمدا گرنگی خۆی هەبێت ، وا لە خوێنەر دەکات ، کە بە شێوەیەکی قووڵتر و بیرمەندانەتر لەگەڵ دەقەکەدا کارلێک بکات ، بۆ ئەوەی بە تەواوی لە مانا شاراوەکانی تێبگات.

## 1_5_پەیوەندی نێوان شیعر و ئابووری زمان:

شیعر و "ئابووری زمان" پەیوەندییەکی پتەو لەنێوانییاندا هەیە و لە چەند خاڵێکدا یەکدەگرنەوە، بەتایبەت لەڕێی چەمکی "کورتکردنەوەی زمان"ەوە، کە تێیدا شیعری پوخت بە شێوەیەکی کاریگەر مانا دەگەیەنێت. هەروەها ئەم پەیوەندییە لە ناوەڕۆکی ئابوورییانەی دەربڕینی شیعریدا دەردەکەوێت، وەک بەکارهێنانی شیعر لە فێرکردنی ئابووریدا. کەواتە، ئابووریکردن لە زمانی شیعردا هونەرێکی تایبەتە، کە پێویستی بە لێهاتوویی و توانای تایبەت هەیە و بەراورد بە جۆرەکانی تر بە لوتکە دادەنرێت، چونکە ئەرکی شیعر خۆی لە خۆیدا کورتبڕییە، کورتبڕیش(( ئابووریکردنێکە کارناکاتە سەر ڕوونی واتاکەی)) (طبل ، ٢٠٠٤ ، 142).

شیعر وەک "کورتکردنەوەی زمان" ئەوە دەگەیەنێت، کە شیعر لە سروشتی خۆیدا، پێویستی بە هەڵبژاردنی وردی وشەکانە بۆ گەیاندنی بیرۆکەی ئاڵۆز بە شێوازێکی کورت و پوخت. ئەمەش وای لێدەکات ببێتە "کورتکردنەوەی دەربڕین" کە چڕ و کاریگەرە. ئەم کورتکردنەوەیە، داوای هەوڵێکی مەعریفیی زیاتر لە شاعیر و خوێنەر دەکات، چونکە پێویستی بە تێگەیشتن و تێڕامانێکی قووڵترە لە وشە کەمەکان.

شاعیر لە شیعردا پشت بە زمانێکی کورت و پڕ لە واتا دەبەستێت، تاوەکو بتوانێت لە ڕێی کەمترین کەرەستەوە، زۆرترین واتا و مەبەستی جیاواز بگەیەنێت، ئەمەش بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەریی دەروونی لەسەر بەرامبەر. بەم پێیە، دەکرێت بڵێین: ئابووریکردن لە دەربڕینی شیعردا ؛ بریتییە لە بەکارهێنانی چەندێتی کەمترین کەرەستە و بەخشینی زۆرترین واتای نافەرهەنگی.

## بەشی دووەم: شێوازەکانی ئابووریکردنی زمان لە شیعرەکانی (تەلعەت تاهیر) دا

## 2_1_ ئەزموونی شیعری (تەلعەت تاهیر) و تایبەتمەندیی زمانیی شیعرییەکانی:

ئەزموونی (تەلعەت تاهیر) لەمەڕ دیاردەی شیعریی و ئەو تایبەتمەندییانەی، کە وەك مەرج لەشیعردا بوونیان هەبێت، لەڕێگەی دەستنیشانکردنی ئەرکی زمانەوە دەستپێدەکات، بەڵام دەستپێکردنێکی کارەکییانە، ئەو لەڕێگەی ئەزموونەکەیەوە دەیەوێت ناڕاستەوخۆ پێمان بڵێت: زمان لەدەقنووسینی شیعریدا، بەر لەهەموو شتێك ئەرکێکی شیعریی و سەرچاوەیی هەیە، بەڵام ئەم ئەرکە بە بوونی پێکهاتەیەکی جوانناسیی لەزمانە شیعرییەکەدا مەرجدارە، پێویستە پێکهاتەی دەستەواژە شیعرییەکانی ئەم زمانە بەبێ گرێ بەوەرگرەوە بگات، یان هەر خۆی لەسادەیی خۆیدا

دەکرێت ببێت بە مانایەکی دیاریکراو، ئەم زمانە مانابەخشە دواجار دەبێتە ئەو هەوێنە شیعرییەی، کە بکرێت لە چەش و جوانخوازیی وەرگردا ڕەنگبداتەوە.

دەق لە گوتار و ئەزموونی شیعریی (تەڵعەت تاهیر)دا، ئەوکاتە لە زمان پێکدێت، کاتێك پێکهاتەی ڕەوانبێژیی زمانەکە هەر تەنها بۆ خودی شاعیر و دەستەبژێرەکانی زیندوونەبێت، بەڵکو بۆ ئەوان و کەسانی ئاساییش هەموار و دەستەبەر بێت، زمانێك بێت چرپە دوو بێت و لە ڕاگوزاریی ڕۆژانە و گرۆگاڵی وەرگەڕاندا واتاکانی خۆی هەڵگراندبێت، زمانێك بێت ڕەنگدانەوەی هەستونەستی کۆی وەرگەڕان بێت، دەربڕینەکانی بەسەر دونیا ناسینی وەرگەرانەوە بنیشێتەوە. (تەڵعەت تاهیر) وەك شاعیرێکی هاوچەرخ؛ جیاواز لەگەڵ شاعیرانی پێش خۆی، کە لە هەشتاکانەوە تا سەرەتاکانی دووهەزار پرۆسەی تازەگەریی چوارەمی شیعریی کوردییان پێکهێنابوو، لەوەدا چڕدەبێتەوە، هەروەك (سەروەر عەبدوڵڵا) لەوتارێکدا ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت: دەق لەلای ئەوان لە زمانێکی داخراوەوە گوزارشت لە جیهانێکی داخراو دەکات، کەچی لای (تەلعەت تاهیر) زمانێکی کراوە گوزارشت لە جیهانێکی کراوە دەکات (عەبدوڵڵا، 2020، 22). یەکێکی تر لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی زمانیی شیعرەکانی (تەلعەت تاهیر) ئەوەیە، کە دیاردەی ئابووریکردنی زمانیی لەسەرجەم ئاستەکاندا زۆر بەزەقی ڕەنگیداوەتەوە، ئەم دیاردەیەش بۆ چەند مەبەست و بنەمای جوانناسیی جیاواز پەیڕەوکراوە، لەوانە:

- کاریگەرترین واتا لەڕێگەی کەمترین کەرەستەوە.
- دروستکردنی وێنەی شیعری جیاواز بە کەمترین دەربڕاو.
- پاراستنی وزە و خۆپارێزیی لە زیادەڕۆیی.
- خێرایی لە گەیاندنی کاریگەریی دەروونی لەسەر وەرگر.

## 2_2_ شێوازەکانی ئابووریکردنی زمان لە شیعرەکانی (تەلعەت تاهیر)دا:

لەم بەشەدا، بە پشتبەستن بە تیۆر و بەبابەتەکانی پێشوو، هەوڵدەدرێت لە چوارچێوەی ڕێبازی (وەسفی-شیکاریی)دا، بەپێی ئاستی زمانیی دیاریکراوەوە، وەك: (فۆنۆلۆجی، وشەسازی، ڕستەسازی، پراگماتیک)، ئابووریکردنی زمانی و شێوازەکانی لە شیعرەکانی شاعیر دیاری بکرێن و بخرێنەڕوو.

### 2_2_1_ لە ئاستی فۆنۆلۆژی:

لێرەدا یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی دەستنیشاندەکەین و پاشان جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە و دەرهێنانی ئابووریکردن پەیوەست بە شیعرەکانی (تەلعەت تاهیر) دەیانخەینەڕوو؛ ئەم ئابووریکردنەی شاعیریش هەروەك لە وەچەپاری (1/2) ئاماژەمان پێدا، کە بۆ کۆمەڵێك مەبەستی جیاوازە، نموونەی ئەو یاسایانەش:

**1- تێچوونی دەنگ:**

ئەم جۆرە یاسایە بریتییە لە: ((تێچوونی دەنگێك یان زیاتر لەمۆرفیمێکدا، ئەمەش بۆ خۆدورخستنەوە لە زۆری بزوتنەوەی ئەندامانی ئاخاوتن و ئاسانکردنی کاری دەربڕینە)) (مارف، 2004، 113). لەشیعرەکانی (تەلعەت تاهیر)دا، بەڕێژەیەکی زۆر ئەم یاسایە دەرکەوتەی هەیە و بە مەبەستی ئابووریکردن شاعیر پەیڕەویکردووە، وەك:

**- تێچوونی دەنگ لەکۆتایی وشە:**

بۆ نموونە: لەشیعری (ئادەم) دەڵێت:

**دایکمم بیر دەکەوێتەوە**

**سکم بە ئادەم دەسووتێ** (تەلعەت تاهیر، 59).

لێرەدا دەبینین لە کۆپلەی دووەمی ئەم شیعرە، دەنگی /ت/ لە کۆتایی وشەی (دەسووتێ) تیاچووە، شاعیر بەمەبەستی ئابووریکردن بە پێی یاسای تێچوونی دەنگ وشەی (دەسوتێت)ی بۆ وشەی (دەسووتێ) گۆڕیوە.

**- تێچوونی دەنگ لەناوەڕاستی وشە:**

هەروەك لە شیعری (دایك) دەڵێت:

**کاتێ ئەو ژنە، کارتۆنی سابوون و کارتۆنی هێلکەو**

**کارتۆنی پڕ چەرەزاتی <u>دەسکاریی</u> دەکرد** (تەلعەت تاهیر، 78)

دەنگی /ت/ لەوشەی (دەسکاریی) لە ناوەڕاستدا تیاچووە، کەبریتییە لە (دەستکاریی)، بەڵام بە مەبەستی ئابووریکردن شاعیر ئەنجامیداوە.

**- تێچوونی دەنگ لەسەرەتای وشە:**

بۆ نموونە: لە شیعری (پایزی زەعیم) دەڵێت:

**گەر دەمزانی کوڕەکەم دەبێتە شت و....** (تەلعەت تاهیر، 243)

لەم کۆپلە شیعرەدا، شاعیر تیاچوونی دەنگی زیاتر لە دەنگێك لە سەرەتای وشەوە ئەنجامیداوە، کە بریتییە لەدەنگی /ئـ/ و /ە/، لە ئامرازی (گەر)، کە خۆی بریتییە لە (ئەگەر).

**2- گۆڕینی دەنگ:**

یەکێکی تر لە یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی، بریتییە لە گۆڕینی دەنگێك بەدەنگێکی تر، بەبێ ئەوەی کاربکاتە سەر گۆڕانی واتا. واتە لەم یاسایەدا (( دەنگێکی تر لەئاخاوتنی کەسانی تر دەگۆڕێ، بەبێ ئەوەی ئەم گۆڕانە ببێتە هۆی گۆڕانی واتای وشەکە)) (فەتاح، 2011، 123). شاعیر (تەلعەت تاهیر) لە شیعرەکانیدا بەڕێژەیەکی بەرچاو و جیاواز بە مەبەستی ئابووریکردن، پەیرەوی ئەم دیاردە دەنگییەی کردووە، بەڵام لە ڕووی واتاوە گۆڕانەکان هیچ کاریگەرییەکیان نییە، لە نموونەی هەندێ لەو گۆڕانە دەنگیانەش، بریتین لەمانەی خوارەوە:

**- گۆڕینی دەنگی نەبزوێنی /خ/ بە دەنگی نەبزوێنی /غ/:**

وەك: لە شیعری (لافاو)دا شاعیر دەڵێت:

**ئەم هەسارەیە**

**تا دێ نەك گەڤر**

**<u>غە</u>مگینتر دادێ** (تەلعەت تاهیر، 282)

لە کۆپلەی کۆتایی دەبینین دەنگی /خ/ لەوشەی (غەمگینتر) بەدەنگی /غ/ گۆڕاوە، ئەم گۆڕانەش کاریگەریی نەکردۆتە سەر گۆڕانی واتای وشەکە، بەڵکو تەنها لەڕووی فۆڕمەوە گۆڕانەکە هەستییێدەکرێت و بەمەبەستی ئابووریکردن ئەنجامدراوە .

**- گۆڕینی دەنگی /و/ بۆ /ف/:**

بۆنموونە: لە شیعری (وانە) دەڵێت:

**سەیرکە مرۆڤ ڕێژەی ئاو لە لەشیدا سەدا حەفتایەو**

**بە نیگایەکت دەسووتێ.** (تەلعەت تاهیر، 297)

لە کۆپلەی یەکەمی ئەم شیعرەدا، دەنگی /و/ لەوشەی (حەفتایە)، بۆ دەنگی /ف/ گۆڕدراوە.

- **گۆڕینی دەنگی /ی/ بۆ /ە/:**

هەروەك لە شیعری (تاقانە) هاتووە:

**تەنیا تۆ گەورە نابیت**

**لە جوانیت دڵنیام** (تەلعەت تاهیر، 292)

- **گۆڕینی دەنگی /ی/ بۆ (ا):**

بۆنموونە: لە شیعری (سەمای مەرگ) دەڵێت:

**لە دوورەوە تەماشای گەوزینی ئازیزەکانیان دەکەن**

**لە ناو مەنجەڵێك چێشتی کوڵاودا** (تەلعەت تاهیر، 119)

لێرەدا مەبەست لە گەوزانە (ا ) بۆ (ی) گۆڕاوە.

### 3- جێگۆڕکێی دەنگ:

مەبەست لەم یاسایە ئەوەیە، کە دەنگێك، یان زیاتر لەپێکهاتەی وشەیەکدا شوێنی خۆیان دەگۆڕن، کە دەنگی بڕگەی یەکەم جێگەی خۆی لەگەڵ دەنگی بڕگەی دووەم دەگۆڕێت، یاخود بەپێچەوانەوە (مارف، 1976، 118)، ئەم جێگۆڕکێیەی دەنگیش لەئەنجامی کۆمەڵێك هۆکار دروستدەبێت، لەوانە: لە نێوان دوو زمان، یان دوو زار، یاخود چینی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری. شاعیر (تەلعەت تاهیر) لە شیعرەکانیدا بە مەبەستی ئاسانی و ئابووریکردن ئەم یاسا دەنگییەی پەیرەوکردووە ، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەم.

بۆ نموونە: لەشیعری (پایزی زەعیم) دەڵێت:

**ئەو هەموو سەر سۆدە و مێخ و زنجیرە دەبیستێ**

**دەمناردە مەتکەب.** (تەلعەت تاهیر، 243)

لەکۆپلەی دووەمدا، شاعیر لەوشەی (مەتکەب)دا جێگۆڕکێی دەنگی ئەنجامداوە، کە خۆی بریتییە لە (مەکتەب).

### 4- لێکچوونی دەنگ :

ئەم یاسایە بریتییە لە: ((گۆڕانی دەنگێك، بۆ ئەوەی لە دەنگێکی تر بچێت. مەبەست لە گونجان ئاسانکردنی درکاندنە، هۆی ڕوودانی ئەم دیاردەیە بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ئەندامانی دوان و ڕێکخستن و گونجانی جووڵانەوەی ماسولکەکان لەکاتی درکاندنی دەنگەکاندا، ئەم کارەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی گونجان لەناو دەنگە دراوسێکاندا، کە بە چەند یاسایەکی فۆنۆلۆژی دەستنیشاندەکرێن)) (عەلی، 1989، 55). واتە؛ لە یاسای لێکچوونی

دەنگدا، مەبەست لە گونجان و ئاسانکردنی درکاندنی دەنگەکانە. لەمبارەیەوە شاعیر لە چەند شوێنێکی دیوانەکەیدا ئەم یاسایەی پەیرەوکردووە، بە مەبەستی گونجان و ئاسانی دەربڕین، ئەمەش لایەنێکی گرنگیی ئابووریکردن پێکدێنێت، بۆنموونە: لە شیعری (در) دەڵێت:

**پیتە قەڵەوەکانی لاوازبوونە**

**بۆیە جارجار بەهەولێری بانگت دەکەم: درەکەم.** (تەلعەت تاهیر، 124)

لە کۆپلەی دووەمی ئەم شیعرەدا، لەوشەی (درەکەم)دا دەردەکەوێت، کە دەنگی دواوە کاری لە دەنگی پێشەوە کردووە، کە بریتییە لە: دڵەکەم، شاعیر ئەم گۆڕانکارییەی بە مەبەستی گونجان و ئابووریکردن ئەنجامداوە.

هەر لە نموونەیەکی تری ئەم یاسایەدا، کاتێك فۆنیمی /د/ لە پاش، یان لە پێش فۆنیمی /ت/ دێت، دیسان تووشی گۆڕان دەبێت، لەم ڕوانگەیەوە شاعیر لە شیعری (تریفە) دەڵێت:

**قەت بە داپیرەمی نەگوت تۆ مانگی منیت**

**کەچی هەموو شەوە تاریکەکانی لەگەڵ بەش کرد.** (تەلعەت تاهیر، 197)

لەکۆپلەی یەکەمی ئەم شیعرەدا، دەبینین فۆنیمی /د/ بۆ فۆنیمی /ت/ گۆڕاوە ، ئەمەش دیسانەوە بەمەبەستی ئاسانی دەربڕینە .

**5- گونجان و نە گونجانی دەنگ:**

**- گونجان:** بریتییە لە ڕادەی گونجانی دوو دەنگ پێکەوە. واتە پێکەوە زۆر کات دووبارە دەبنەوە و زۆربەی جاریش هیچیان لە دەربڕیندا ناقرتێن (فەرەج، 2000، 110)، بۆ نموونە:

- /د/، وەك: بەرد، کردم، سارد،...هتد.
- /شت/، وەك: خشت، کوشت، ڕشت،...هتد.
- /ت/، وەك: کورت، گرن، کەرت،...هتد

لەشیعرەکانی (تەلعەت تاهیر) دەبینین بەرێژەیەکی زۆر یاسای گونجانی دەنگ ڕەنگیداوەتەوە، ئەم ڕەنگدانەوەیەش بەمەبەستی ئابووریکردنە، بۆنموونە: لەشیعری (لەزەت) دەڵێت:

**تۆ دەڵێی قاوەیت**

**تا هەڵبچیت تامت خۆشتر دەبێ.** (تەلعەت تاهیر، 150)

لە کۆپلەی دووەمی شیعرەکەدا، گونجانی دەنگ لەنێوان دەنگی /شت/ دەرکەوتووە.

**-نەگونجان:** مەبەست لەنەگونجانی دەنگ ئەوەیە، کە ئەو دەنگانە بەیەکەوە هەڵناکەن و ناگونجێن. بۆنموونە: هیچ وشەیەکی زمانی کوردی نییە سەرەتاکەی بەدەنگی /ر/ یان /ڵ/ بێت.

هەروەها لەزمان کوردیدا بەهیچ جۆرێك دەنگی /ی/ لەپێش /و/، /ۆ/ەوە نایەت.

جگە لەوەی دەنگی /ك/ و /گ/، كە دەكەونە پێش دەنگی (ێ، ی، وێ، وی)، شێوەی دەربڕینیان دەگۆڕێت و تاڕادەیەك لەتەلەفوزی دەنگی /چ/، /ج/ نزیك دەبنەوە، وەك: كێشە، كێم، گوێ، كوێ، هەنگوین،...هتد (مارف، ٢٠٠٤، 138).

جێی ئاماژەیە، ئەم جۆرە یاسایە لە دیوانی شاعیر بەدەرنەكەوتووە.

**(2-2/2) ئاستی مۆرفۆلۆژی:**

یەكێكی تر لەو ئاستانەی زمان، كە ئابووریكردن تێیدا دەردەكەوێت، ئاستی مۆرفۆلۆژییە.

مۆرفۆلۆژی وەك ئاستێكی زمان، كە لە پێكهاتە و گۆڕانی وشەكان دەكۆڵێتەوە، لە دوو بەش پێكدێت، كە بریتیین لە وشە و مۆرفیم.

وشەكانی زمان ڕۆڵی گرنگ لە پرۆسەی ئابووریكردن دەبینن، بەوەی كاتێك ئەو وشانەی بەكاردەهێنرێت ئابووریكردن تێیدا دەكردێت، ئەوا قورسایی لەسەر بیر و هۆش و مێشكی مرۆڤ كەمدەكاتەوە، چونكە ئەگەر ئابووری لە وشە و ڕستە بەكارهاتووەكاندا نەكرێت، ئەوكاتە مێشكی مرۆڤ تواناى وەرگرتنی پێكهاتە نوێیەكانی لەلای ئەستەم دەبێت.

لەم ئاستەی زماندا، چەند بوارێك هەن، كە ڕۆڵ لەئابووریكردن دەبینن، وەك: (ئەكرۆنیم، بڕین، بچووككردنەوەی ناو، كورتكردنەوە، تێكەڵكردن،...هتد)، بەڵام لێرەدا چەند بوارێك لەدووتوێی ئەم توێژینەوەیەدا وەرگیراون و لەشیعرەكانی شاعیر دەركەوتەیان هەیە و بەمەبەستی ئابووریكردن بەكارهێنراون، ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

**1- تێكەڵكردن (Blending):**

ئەم پرۆسەیە لەئەنجامی لێكدانی دوو بەشی جیاوازیی وشەكان پێكدێت و لەئەنجامدا فۆڕمێكی جیاواز پێكدێت (یول، 1386، 82). بۆ نموونە:

- چۆن+ بزانم= چوزانم

- زانین+ كۆ= زانكۆ

شاعیر (تەلعەت تاهیر) لەشیعرەكانیدا، لەچەند شیعرێكی ڕەهەندی تێكەڵكردنی بەمەبەستی كورتبڕی بەكارهێناوە، لەمبارەیەوە لەشیعری (پایزی زەعیم) دەڵێت:

**حەزی لەبازەخوارەكانی فیلە**

**بۆیە قەڵا لە <u>پاشا</u> دوورە و فیل نزیك** (تەلعەت تاهیر، 244)

شاعیر لە نیوە دێڕی دووەمدا، وشەی (پاشا)ی بەكارهێناوە، بەڵام ئەو وشەیە چەند پارچەیەكی كرتێندراوە، كە بریتییە لە: (پایە+ شاهـ= پاشا)، ئەم تێكەڵكردن بە مەبەستی ئابووریكردنە و جوانییەكیشی بە شیعرەكە بەخشیوە.

**2- لێكدان (Compounding):**

یەكێك لە ڕێگاكانی دروستكردنی وشە بریتییە لە لێكدان. ئەم پرۆسەیە بریتییە لە لێكدانی دوو وشە، یان زیاتر. لەم پرۆسەیەدا زۆرجار دەبێتە هۆی لە ناوچوونی هەندێ فۆنیم لە وشەكاندا، ئەم لەناوچوونەش ئابووریكردن دەهێنێتەكایەوە. وەك:

- مام+ وەستا= مامۆستا

- کاك+برا= کابرا

شاعیر لە شیعرەکانی ئەم ڕەهەندەشی بەکارهێناوە و تێیدا ئابووریەکی بە وشەی نێو شیعرەکان بەخشیوە، بۆ نموونە: لە شیعری (ڕشەبا) دەڵێت:

**<u>باپیرم</u>**

**جەمەدانییەکەی توند توند دەبەست** (تەلعەت تاهیر، 68)

شاعیر لەنیوەدێری یەکەمدا، وشەی (باپیر)ی بەکارهێناوە، بەڵام ئەم وشەیە چەند فۆنیمێکی لەناوچووە، وەك: (و، ك)، کە لێکدانی (باوك + پیر= باپیر) دروستبووە، ئەم لەناوچوونەش بووەتە هۆی ئابووریکردن.

هەرلەم ڕوانگەیەوە لەشیعری (چارەنووس) دەڵێت:

**لە <u>مامۆستای</u> جوگرافیاوە لەکۆبانێ**

**بۆ پێڵاو بۆیاخکردن لە جادەی مەولەوی** (تەلعەت تاهیر، 76)

بەهەمانشێوە شاعیر لە نیوەدێری یەکەمدا، وشەی (مامۆستا)ی بەکارهێناوە، بەڵام ئەم وشەیە چەند فۆنیمێکی لەناوچووە، وەك: (و، ە)، کەلە لێکدانی (مام+ وەستا) دروستبووە.

**3- کردەی بچوککردنەوە :**

ئەم کردەیە: ((گیرەکێکی وشە داڕێژە، دەشێ بەمەبەستی دەربڕینی چەمکی بچووکیی قەبارەی شت/کەرەستە، بۆ وشەزیادبکرێت، سەرەڕای ئەوەی هەندێجار، بیرۆکەی سۆز، یان هەستی خۆشەویستی دەخولقێنێ)) ( Trask, 1993, 82). ئەوەی لێرەدا مەبەستە، یەکێك لە مەبەست و دەربڕینەکانی کردەی بچووککردنەوە ئەوەیە، کە ئابووریکردن تێیدا دەردەکەوێت و وزەی ئاخاوتن کەمدەکاتەوە. ئەم کردەیە پەیوەست بە شیعرەکانی شاعیر، دەبینین لە چەند شیعرێکدا بۆ مەبەستی جیاواز دەرکەوتەی هەیە. بۆنموونە: لە شیعری (غەدر)دا دەڵێت:

**ئێ دادەگیان**

**بۆ ئەم غەدرە <u>لە ترێ</u> دەکەی؟!** (تەلعەت تاهیر، 154)

لە نیوە دێری دووەمدا، شاعیر ناوی (تریفە)ی کردووە بە (ترێ)، ئەم گۆڕینە هەم بۆ سۆزو خۆشەویستییە، هەم ئابووریکردن تێیدا دەرکەوتووە و لەدەربڕیندا وزە کەمدەکاتەوە .

هەروەها لەشیعری (باوەش)دا شاعیر دەڵێت:

**پێم خۆشە دڵخۆش بیت**

**وەك ئەوەی جاران دەرهەمێکم لە ناو <u>جۆگەڵە</u> دەدۆزیەوە** (تەلعەت تاهیر، 134)

دەبینین لە نیوە دێری دووەمدا، شاعیر پاشگری بچووککردنەوەی (لە)ی بە وشەی (جۆگە) داوە و کردوویەتی بە (جۆگەڵە)، ئەم بەکارهێنانەش جگە لەوەی بۆ تەسککردنەوە و سنووردانانە بۆ پانتایی و فراوانی لە ڕووبەری شوێن، هاوکات ئابووریکردنیشە لە دەربڕیندا .

**(3-2/2) ئاستی ڕستەسازی:**

ڕستەسازی ئاستێکی تری زمانە، کە ئابووریکردن تێیدا دەردەکەوێت. ئەم ئاستەی زمانە، کە لە پێکهاتەی ڕستە و گرێیەکان دەکۆڵێتەوە، بەشێوازی جۆراوجۆر ئابووریکردن تێیدا ڕەنگدەداتەوە، وەك: (لابردن، کورتکردنەوە، لەبریدانان ، جۆری ڕستە، مۆرفۆسینتاکس، بکەر نادیار، نەهاتنەئارا،...هتد)، بەڵام لە دوو توێی ئەم توێژینەوەیەدا چەند جۆرێك وەرگیراون، کە لە شیعرەکانی شاعیر (تەلعەت تاهیر) دەرکەوتەیان هەیە و بە مەبەستی ئابووریکردن و جوانناسیی بەکارهێنراون، ئەوانیش بریتین لە مانەی خوارەوە:

**1- لابردن (Deletion):**

لابردن: (( بەشێکە لە ڕستەی سەرەکی بۆ مەبەستێك بە مانادا، لە کاتێکدا ڕستەکە هەمان مانا هەڵدەگرێت)) (فضل، 2002، 89). واتە، لە لابردندا ئەو کەرەستە ناسەرەکییانە لا دەبرێن و نابنە هۆی تێکدان و شێواندنی واتای ڕستەکە، کە چەندین مەبەستی نهێنی لە پشتە، وەك: (ئابووریکردن، ڕەوانبێژی،...هتد)، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە، ڕەهەندی ئابووریکردنە، بۆنموونە: أ+ب ← ب (واتە لابردنی بەشێك لێی)، وەك:

- من هاتم. ← هاتم.

لەئاستی ڕستەسازی زمانی کوردیدا لابردنی کەرەستەکان بەدیدەکرێت و جۆراوجۆرن، بەڵام بەپێی جۆر و تایبەتمەندێتی ڕستەکە، لەمبارەیەوە؛ (تەلعەت تاهیر) لە شیعرەکانیدا بەڕێژەیەکی یەکجار زۆر ئەم ڕەهەندەی لابردنی وەك ئابووریکردنێکی زمانیی، بەشێوە و کەرەستەی جۆراوجۆر بەکارهێناوە، لەوانە:

**1- لابردنی بکەر:**

کاتێك باس لە لابردنی بکەر دەکرێت، مەبەست لەوەیە، کە (ناو یان جێناو) لادەبرێت، بەڵام بەهۆی گونجاندنی بکەر و بەرکار و کار لە زمانی کوردیدا کە مۆرفیمێکی سەربەخۆ ، یان مۆرفیمێکی بەند ڕۆڵی بکەر دەبینێت، جێگەی بکەرە لابراوەکە دەگرێتەوە، بۆ نموونە: شاعیر لە شیعری (دیمەن) دەڵێت:

**لێشت دوورکەومەوە**

**هەر ئەوەیە** (تەلعەت تاهیر، 132)

لێرەدا بکەر، کە (من)ە، لابراوە و لە بنچینەدا ڕستەکە بەمشێوەیە: من لێشت دوورکەومەوە، بەڵام شاعیر بە مەبەستی ئابووریکردن و کەمکردنەوەی وزە ئەم لابردنەی ئەنجامداوە .

یاخود لە شیعری (دیاری) دەڵێت:

**کە ڕۆیشت**

**هەموو ڕەنگەکانی لەگەڵ خۆی برد (تەلعەت تاهیر ، ٥٥)**

لە نیوە دێری یەکەم و دووەمی ئەم شیعرەدا، دەبینین جێناوی سەربەخۆی (ئەو) ، کە ڕۆڵی بکەری دیوە، لابردراوە، ئەم لابردنەش ئابووریکردنە.

**2- لابردنی ئامراز:**

ئامرازەكانیش ڕۆڵی گرنگ لە ئابووریکردندا دەگێڕن، کە بەهۆیانەوە چەندین واتا و مەبەست لە ڕستەدا پێکەوە دەبەستن. شاعیر لە شیعرەكانیدا ئامرازی جۆراوجۆری لابردووە و بەبێ ئەوەی كار لە ئەرك و واتای شیعرەكانی بكات، لە نموونەی هەندێ جۆری ئامرازە لادراوەكانیش، ئەمانەن:

**- لابردنی ئامرازی (بە) :**

شاعیر لە شیعری (دەفر) دەڵێت:

**بارانی لێ بباو لمی بۆ جێبێڵێ**

**غەمزەی لێ بباو چاوی بۆ جێ بێڵێ** (تەلعەت تاهیر، 202)

دەبینین لە نیوەی دێری یەكەم و دووەمی شیعرەكەدا، ئامرازی (بە) لابراوە، كە خۆی بریتییە لە: (بۆ بەجێ بێڵێ)، بەڵام بۆ مەبەستی ئابووریکردن ئەم لابردنە ئەنجامدراوەو كاریگەریی لەسەر گۆڕانی واتای دێرەكانی شیعرەكە نەكردووە.

**- لابردن و گۆڕانی ئامرازی (ئەگەر > گەر ):**

بۆ نموونە: شاعیر لەشیعری (بەڵگە) دەڵێت:

**گەر توانیت**

**شتی جوان لە بارەی كردارە خراپەكانی كەسێكەوە بنووسیت**

**بزانە كە خۆشت دەوێ.** (تەلعەت تاهیر، 145).

دەبینین لە نیوە دێری یەكەمدا، ئامرازی (ئەگەر) گۆڕاوە بۆ ئامرازی (گەر).

**- لابردن و گۆڕانی ئامرازی (هەتاوەكو):**

بۆنموونە: شاعیر لەشیعری (باسكە) دەڵێت:

**باكچ پیربووە، گوێی گرانە چاوەكزە**

**چەندین ڕاستیمان لێ شاردۆتەوە تا واتێبگات**

**دنیا هێندە غەدارنییە** (تەلعەت تاهیر، 67)

لە نیوە دێری دووەمدا، ئامرازی (تا) لەبنچینەدا بریتیبووە لە: هەتاوەكو > تاوەكو > تاكو > تا، بەڵام شاعیر بە مەبەستی ئابووریکردن و كەمكردنەوەی وزە، كورتبڕی تێداكردووە.

**- لابردنی ئامرازی (با):**

شاعیر لەشیعری (لەبەر ئامرازێك) دەڵێت:

**باسیلۆ پڕبێ لەگەنج**

**پڕبێ لە گوارە بۆ ئەو كچانەی لەمساڵدا**

**گوێیان دەسمرێ** (تەلعەت تاهیر، 267)

شاعیر لەنیوەدێری دووەمدا، دەبینین ئامرازی (با)ی دووبارە بەکارنەهێناوەتەوە و لایبردووە، لەکاتێکدا لەنیوە دێری یەکەمدا بەکاریهێناوە .

**- لابردنی ئامرازی (لە):**

شاعیر لەشیعری (بەبۆنەی چۆلەکەیەك) دەڵێت:

**دوور لەئەندێشە**

**لای ئەو تاریکی تەنیا پەیوەندی بەخەوتنەوە هەیە.** (تەلعەت تاهیر، 283)

لە نیوە دێری یەکەمدا، شاعیر ئامرازی (لە)ی لە وشەی (لای) لابردووە و کورتبڕی تێداکردووە.

**(٤/٣-٢) کورتکردنەوە (abbreviation ):**

کورتکردنەوە بە واتای ئاسانکردن لە نووسین و قسەکردن دێت لە پێناو گێرانەوەی کات و وزەی زیادە (قانی،٢٠١٤ ،١٨)، ئەم لایەی ئابوریکردنە، جگە لەوەی ئاستی وشەسازیدا دەرکەوتەی هەیە، هاوکات بە شێوازی جوراو جۆر لە ئاستی لە رستەسازیشدا دەبینرێت لە نێو شیعرەکانی (هەلمەت تاهیر)دا، دیاردەی ئابووریکردن لەم ئاستەدا و لە چوارچێوەی کورتکردنەوەدا ،بە چەند شێوازێک دەبینرێت، گرنگترینیان ئەمانەن:

**١_جێناوەکان:**

بۆ نموونە : شاعیرلە شیعر (تووڕەبوون) دەڵێت :

**هێندە غەریبیت دەکەم**

**گەیشتومەتە هەمان قۆناغی ڕوخساری سورهەلگەڕاوی داپیرەم** (تەلعەت تاهیر،١٩٨)

دەبینین شاعیر لە نێو دێری یەکەمدا کورتبڕی ئەنجامداوە ، ئەمەش لەڕێگەی لابردنی جێناوەکانی (من ،تۆ)، کە لە بچینەدا لە ڕستەکە بەمشێوەیە: من غەریبی تۆ دەکەم .

**٢_پەڕینەوە (Ellipsis) :**

پەڕینەوە یاخود نیشانەی (. . .)، کە بە ئینگلیزی پێی دەوترێت (ellipsis) یان لە شێوەی کۆدا (ellipses)ی پێدەوترێت، نیشانەیەکی خاڵبەندییە، پێکدێت لە سێ خاڵ، کە بەکاردێت بۆ نیشاندانی لابردنی وشە، وەستانێك، یان ئاماژەدان بەوەی، کە شتێك بە نەوتراوی ماوەتەوە*.

ئەم شێوازی کورتکردنەوەیە لە لای شاعیر زۆر دەبینرێت و ئاماژەیە بۆ بەردەوامی ،یان زیاتر بۆ ئەو شتە. لەم ڕوانگەیەوە شاعیر لە شیعری (باسکە)دەڵێت:

**گوتی : نەخێر... منداڵێک بوو یەخەی** گرتبوو

**گوتی : سەمون.** (تەلعەت تاهیر، ٦٧)

---

* (https:// www.grammarly.com)2022 /10/13

دەبینین شاعیر لە دوای وشەی (نەخێر) نیشانەی پەڕینەوە (...)ی داناوە، بە مەبەستی ئابووریکردن، کورتکردنەوەی تێدا کردووە. لە شوێنێکی تر لە شیعری (در) دا دەڵێ:

**زمان هێندە بە شوێن جوانیتدا ڕایکردووە**

**پیتە قەڵەوەکانی لاوازبوونە**

**بۆیە جارجار بە هەولێری بانگت دەکەم: درەکەم... (124)**

_ لە شوێنێکی تر لە شیعری (قەفەس) دا دەڵێ:

**بێ بەرامبەر خۆشم دەوێی**

**وەك ئەو چۆلەکەیەی**

**بەبێ کرێ لەناو قەفەسێکدا دەخوێنێ... (294)**

**(٢-٣/٤) لەبریدانان( substitution) :**

مەبەست لە لەجیاتی دانان ((بریتییە لە جێگرتنەوەی کەرەستەیەکی زمانی بە کەرەستەیەکی تر لە چوارچێوەی دەقدا )) (تۆفیق،٢٠٠٢،٩٧). ئەم لەجیاتی دانانە ڕۆڵێکی گرنگ لە پرۆسەی ئابووریکردن دەبینێت و توانا و بواری بۆ ئاخێوەرانی زمان دروستکردوە، کە مەبەستی کورتبڕی لەزماندا پاشکەوتی وزە و کاتی خۆیان بکەن. شاعیران لە دەقە شیعرییەکاندا ، زورجار کەرەستەیەکی زمانی لە شوێنی کەرەستەیەکی تر دادەنێن ، ئەم دانانەش ، جگە لەبەخشینی لایەنی ئێستاتیکی بەدەقەکە ،هاوکات وەك پرۆسەیەکی ئابووری خۆی ڕەنگڕێژدەکات . لەمبارەیەوە (تەلعەت تاهیر) لە شیعرەکانی ئەم شێوازە ئابووریکردنەی (لەبریدانانی) بەشێوازی جیاواز بەکارهێناوە ، لەوانە:

**-لەبریدانانی جێناو:**

بۆنموونە: لەشیعری (شکست)دەڵێیت:

**پەنجەکانی تەنیا بەکەڵکی ئەوە دێت لە پەشیمانیدا بیگەزین** (تەلعەت تاهیر،١٠٠).

لەم نیوە دێرە شیعرەدا، جێناوی لکاوی (ی) بۆتە ئاماژە بۆ (ئەو)، کە( لەجیاتی دانان)ی بۆکراوە، ئەم جێناوەش (ی) دەربڕینێکی کورتی دروستکردووە. هەر لەم لایەنەوە ، شاعیر لە شیعری (فێل) دەڵێت : ئەوانەی لەناخەوەدا ڕوخاون لە هەموو کەس زیاتر پێویستیان بەوە هەیە خۆشەویست بن (تەلعەت تاهیر،٢٠٩).

لێرەدا جێناوی کەسی سەربەخۆی (ئەو)، کە دەربڕینێکی کورتترە ، هاو ئاماژەیە لەگەڵ کەس و ژمارەدا ، کە یەکسانن.

**_لەبریدانانی بکەر :**

بۆ نموونە: شاعیر لە شیعری (لۆکە)دەڵێت :

**دلم نەهات پێشی بلێم**

**لێرە برین هیندە زۆر بووە** (تەلعەت تاهیر،٨٠)

لە نێوە دێری یەکەمی شیعرەکەدا ، دەبینین جێناوی (م)هاو ئاماژەیە لەگەڵ (من)، ئەم دەرکەوتنەش خۆی لەخۆییدا ئابوویکردنە .

**لەبریدانانی کات :**

ئاوەڵکار لە زمانی کوردییدا وەکو بەشە ئاخاوتنی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت ، لەمبارەیەوە دەتوانرێت لەبڕی ناوهێنانی کاتەکە، هەریەك لە : (ئەوسا ، ئەوکات ، ئەودەم ،....هتد) دابنرێت، بە مەرجێك هێمای کات بوونی هەبێت، ئەم لەبڕی دانانەش کاریگەریی لەسەر پرۆسەی ئابووریکردنی زمان هەیە، بۆ نموونە: شاعیر لە شیعری (دەڵێن پیر بووین) دەڵێت :

**ئەوسا وەك دوو گوڵە پەموو بۆ بڕینی یەکتر لێ نەگەڕان بەیەکەوە بین** (تەڵعەت تاهیر ، ٦٦)

دەبینین لەم شیعردا ، ئامرازی ئاماژەی کات (ئەوسا) لەبڕی ناوهێنان و دیاریکردنی کاتەکە بەکارهێنراوە ، ئەم بەکارهێنانەش، جگە لەوەی ڕۆڵی لە لکاندن و دروستکردنی پەیوەندییەکانی نێو دەقەکە بینیوە ، هاوکات لە پرۆسەی ئابووریکردنی زمانیش کاریگەرە.

**لەبریدانانی شوێن :**

بەهەمان شێوەی ئاوەلکاری کاتی، ئاوەلکارە شوێنە پیشەییەکانیش دەکرێت لەبڕی ناوهێنانی شوێن بەکاربهێنرێن و ڕۆڵ لە پرۆسەی ئابووریکردن ببینن ، بۆ نموونە :

شاعر لە شیعری (لۆکە) دەڵێت:

**لێرە برین هێندە زۆر بووە**

**باشترین شت چاندنی لۆکەیە لۆکە** (تەلعەت تاهیر،٨٠).

دەبینین لە شعرەکەدا ، ئاوەلکاری (لێرە)وەك شوێنگرەوەیەك بۆ ناوی شوێنەکە بەکارهاتووە و ڕۆڵی گرنگیی لە کەمکردنەوەی وزە پاراستن دیوە ، ئەم لابردنەش ئابووریکردنە و نابێتە هۆی گۆڕینی واتای دەقەکە.

**_لەبریدانانی بەرکار** :

بەرکاریش هاوشێوەی بکەر لە دوو فۆڕمدا دەردەکەوێت، فۆرمێکیان سەربەخۆیە و ئەوەی دیکەیان لکاوە، بۆیە بە مەبەستی ئابووریکردن، بە جێناوی لکاو شوێنی بیر دەگرێتەوە ولەبڕی بەکاردەهێنرێت (سلێمان،٢٠٢٣، ١٢٤)، وەك:

**_ئەو سێوەکەی خوارد .** (خواردی).

لێرەدا (ی) کرداری خواردی بۆ بەرکار دەگەڕێتەوە .

لەمبارەیەوە ، شاعر لەشیعری (تریفە) دەڵێت:

**دەزانی چۆن خوشم دەوێی؟!**

**وەك : باپیرم**

لەم دێڕە شیعرەدا، دەبینین جێناوی کەسی لکاوی (ی) شوێنی بەرکاری دەرنەکەوتووی گرتووتەوە و بە مەبەستی ئابووریکردن بەکارهێنراوە.

**(٤،٤،٢) مۆرفۆسینتاکس:**

مۆرفۆسینتاکس یەکێکە لەهەرە چالاکترین بواری ئابووریکردن لەئاستی ڕستەسازیدا ، کە پرۆسەیەکە ((تایبەتیێتی سینتاکتیکی وشە فەرهەنگییەکان دەرەخسێنێت و بۆشاییەکانی پێکهاتەی فرێز و لە ڕستەکان، بیرکاریانە لەڕێی گونجاندن و هاوتا بوونی پێکهاتەکانیانەوە پڕ دەکاتەوە و تێگەیشتن دێنێتە ئاراوە)). (قادر،٢٠١٣، ٢٨). واتە : بەهۆی ئەم یەکە زمانییەوە دەتوانرێت ڕستە بچوکبکرێتەوە بۆ وشەیەك ، ئەمەش لە ڕێگەی چالاکی جێناوە لکاوەکانەوە ڕوودەدات و سەرجەم ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی ڕستە (ڕەگی کار، جێناوی لکاو، مۆرفیمەکان)لەخۆدەگرێت(ڕەسول و موسا،٢٠٠، ١٢٤) ، بەمشێوەیە کورتکردنەوە و بچوککردنەوەی ڕستە بۆ تاکە وشەیەك ،خۆی لەخۆیدا پرۆسەیەکی گرنگە و ئابووریکردن و پاراستنی وزەی لێدەکەوێتەوە ، وەك ئەم نموونەی خوارەوە:

**دوێنێ ئێوارە  کاتژمێر پێنج من تۆم لە هەولێر بینی.**

**_بینیمیت**

شاعر(تەلعەت تاهیر) لە چەند شیعرێکدا ئەم دیاردەی ئابووریکردنەی بەکارهێناوە و واتای تەواویشی بە شیعرەکان بەخشیوە ، بۆ نموونە: لە شیعری (پاسەوانی خەون ) دەڵێت:

**نامبینیت ، زوو دەرپەڕێنم**

**غەریبیت دەکەم**

دەبینین دەربڕاوی یەکەی زمانی ( **نامبینیت**) بچووککراوەتەوە بۆ تاکە وشەیەك و سەرجەم ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی ڕستەشی لەخۆگرتووە ، لە کاتێکدا ئەم یەکە زمانیشە نوێنەرایەتیی وشەکانی ئاستی ژێرەوە دەکەن و کە بریتییە لە : تۆ من نابینی.

**(٤/٢-٥) بکەرنادیار:**

ئەم بابەتە هەر لە ڕێگەی ناونیشانەکەیەوە دەزانرێت ، کە دیاردەی ئابووریکردنی بەسەریدا زاڵە، چەمکی بکەر نادیاریش بریتییە لە دیارنەمانی یەکێک لە کەرستە سەرەکییەکانی ڕستە، کە (بکەر)ە ، بە گشتی یەکێك لە هۆکارەکانی بەکارهێنانی بکەرنادیار لە لایەن ئاخێوەرانەوە بۆ کورتکردنەوەی ڕستە و کورتبڕیکردن لە کاتی ئاخاوتندا دەگەڕێتەوە (محمەد،١٩٨٩، ٤٦)،

وەك ئەم نموونەی خوارەوە ، کە کورتبڕی و ئابووریکردن نیشاندەدات:

**_ئازاد نانەکەی خوارد.** (بکەردیار)

**نانەکە خورا .** (بکەرنادیار)

پەیوەست بەشاعیرەکانی شاعیر،دەبینین شاعیر لەچەند شیعرێکدا ئەم ڕەهەندە ئابووریکردنەی بەکارهێناوە ،بۆ نموونە:لەشیعری (میوە)دەڵێت:

**ئەو سێوە زەردەی بە دیار هەواڵەکانەوە خورا**

**سوور هەڵگەڕا.** (تەلعەت تاهیر، ٣٨)

لێرەدا کاری ، (خورا) بکەر نادیارە و کورتکراوەتەوە و ڕۆڵی لە پرۆسەی ئابووریکردندا بینیوە .

**_لادان :**

لادانی زمانی، بریتییە لە تێکدانی پرۆسەی ئاسایی پەیوەندیکردن، وەک بڵێیت: بۆشاییەک لە تێگەیشتنی کەسێک لە دەق یاخود شیعر بەجێدەهێڵێت. ئەم بۆشاییە دەتوانرێت پڕبکرێتەوە و لادانەکەش واتادار بکرێت، بەڵام تەنها ئەو کاتەی خوێنەر لە ڕێگەی هەوڵێکی خەیاڵییەوە، هەست بە پەیوەندییەکی قووڵتر دەکات، کە قەرەبووی ئەو نامۆییە ڕووکەشییە دەکاتەوە. بە واتایەکی تر، لادانی زمانی دیاردەیەکی زمانەوانییە، کە شاعیران یان ئاخێوەران بە مەبەست یاسا ئاساییەکانی زمان دەشکێنن یان دەیانگۆڕن بۆ دروستکردنی کاریگەریی ستایلیستی، سۆزداری، یان جوانکاری. بەگوێرەی بۆچوونی لیچ (1969)، (لادان کاتێک ڕوودەدات ، کە دەربڕینێکی زمانەوانی لە نۆرمەکانی چاوەڕوانکراوی ڕێزمان، وشەسازی، یان واتا دووربکەوێتەوە و وا دەکات لە دەقێکدا سەرنجڕاکێش بێت، دەتوانێت بە شێوەی جۆراوجۆر دەربکەوێت وەک: لادانی وشەیی، ڕێزمانی، فۆنۆلۆژی، واتا، یان لادانێکی گرافیکی) (Leech,1969:12). هەروەها لەلایەکی ترەوە، (شاعیران و نووسەرانی ئەدەبی زۆرجار لادان بەکاردەهێنن بۆ بەرزکردنەوەی داهێنان، دەربڕینی هەستی قووڵتر، یان تەحەدای سنوورە زمانییەکان) ( Short, 1996:8). بەم پێیە لادانی زمان تەنیا هەڵە نییە بەڵکو ستراتیژێکی هونەری بە ئەنقەستە، کە هێزی دەربڕینی زمان دەوڵەمەند دەکات. بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەك:

**_خۆرەکە پێکەنی.** لادانی واتاییە، چونکە خۆر ناتوانێت پێبکەنێت، بەڵام ئەم بەکارهێنانە ئەم واتایە دروست دەکات، کە خۆر ڕووناکی و ژیانەوە بە زەوی و ڕووەك و گیانلەبەران دەبەخشێت.

**(٤/٢) ئاستی واتاسازی:**

ئاستی واتاسازی یەکێکە لەو ئاستانەی زمان، کە دیاردەی ئابووریکردن تێیدا دەردەکەوێت، لەم ئاستەدا واتای وشەکان بۆ کورتکردنەوە و ئابووریکردن لە بیرکردنەوە و ماندووبووندا لە لایەن ئاخێوەرانەوە بەکاردێت، بۆ نموونە کاتێک دەڵێین: (ماسی) بیرمان بۆ لای ئەوە ناچێت، کە چ جۆرێکی ماسییە، یان ڕەگەزەکەی چییە؟ ... هتد، لێرەدا وشەی (ماسی) تەنها وشەیەکە بەرامبەر ئەو گیانلەبەرە ئاوییە دانراوە و کۆمەڵ بۆ ئابووریکردن لە بیرکردنەوەدا بەکاریدەهێنێت ، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ژیانی مرۆڤ بەرەو ئاسانی بڕوات، لەبەرئەوەی بەهۆیەوە توانیویەتی لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا بە ئاسانی و بە خێرایی لە یەکتر بگەن و ئابووری لە کۆششی بیر و ماسوولکەیدا بکات ، لەگەڵ بەفیرۆنەدانی کات (صالح، ٢٠١٢، ١١٢).

لەم چوارچێوەیەدا، نیشانە تایبەتەکانی زمان، کە بۆ چەند سیمایەک دابەشدەبێت، کە بە سیمای (جیاکەرەوە) ناسراوە، ئەم سیمایانە لە مێشکی مرۆڤدا هەیە و لە کاتی قسەکردندا پێویست بە دەربڕینی ناکات ( فەرەج، ٢٠٠٥، ١١٨). وەک ئەم نموونەی خوارەوە :

**_ کوڕەکە هات.**

**_ کوڕە مرۆڤە، نێرەکە بۆ ئێرە هات.**

لەم ئاستەدا، چەند بابەتێک دیاردەی ئابووریکردنی تێیدا دەردەکەوێت، کە هەندێکیان دەچنەوە نێو سیمانتیک، وەك: (فرەواتا، هایپۆنیم، هۆمۆنیم)، هەندێکی تریشیان واتاکانیان پەیوەستە بە دەوروبەر و دەچنە نێو ئاستی پراگماتیك، گرنگتر و دیارترینیان بریتین لە : (ئیدیەم، میتافۆر)، لەم ڕوانگەیەوە لە نێو شعرەکانی شاعیر ( تەلعەت تاهیر) چەند بابەتێك پەیوەست بەم ئاستە (واتاسازی) بەکارهاتوونە و ڕۆڵی گرنگ لە پرۆسەی ئابووریکردنی زمانیی دەبینن، لەوانە :

**(٤/٢_١) هایپۆنیم :**

هایپۆنیم وەك دیاردەیەکی واتایی : (( بریتییە لەو پەیوەندییەی، کە لە نێوان دوو وشەدا هەیە، بە شێوەیەك واتای یەکێکیان ئەوەندە فراوان بێت ، کە بتوانێت واتای وشەکەی دیکە بگرێتەوە )) (سەفەوی، ٢٠٠٦، ١٢٥)، بۆ نموونە بە کۆی گشتی : (مێخەك، شەوبۆ، لاو لاو،...)دەوترێت : (گوڵ).

بەمشێوەیە، چڕکردنەوە و خەستکردنەوەی چەند یەکەیەك لە دانەیەکدا، کە هایپۆنیم پێکدێنێت سەرچاوەیە بۆ ئابووریکردن لە دەربڕین و هزردا.

شاعیر (تەلعەت تاهیر) لە شیعرەکانیدا ئەم دیاردە واتاییەی بەکارهێناوە، جگە لە لایەنە جوانکارییەکەی، هاوکات وەك ڕەهەندێکی گرنگیی ئابووریکردنیش دەرکەوتەی هەیە، بۆ نموونە : لە شیعری (پاسەوانی خەون) دا دەڵێت :

**خۆم بکەمە**

**ئەو دوکاندارەی <u>میوەی</u> لێ دەکڕێت** ( تەلعەت تاهیر، ١٢٩).

لەم شیعرەدا وشەی ( میوە) هایپۆنیمە، چونکە وشەیەکی فراوان و گشتییە و سەرجەم میوەکان ( هەرمێ، خۆخ، هەنجیر، ترێ، ...هتد) دادە پۆشێت، ئەم بەکارهێنانەش وادەکات هزر و ماسوولکەکانی ئەندامانی ئاخاوتن ماندوونەبن، هەروەها دەبێتە هۆی زوو مەبەستدان و کورتبڕی.

هەروەها شاعێر لە هەمان شیعردا دەڵێت :

**بەس دەتوانم لە <u>ڕەنگی</u> پێستم بکەمە هەمان ڕەنگی ئەو قەنەفەی لە سەریدا تەماشای هەوڵەکانی ئەم جیهانە دەکەیت.**

(تەلعەت تاهیر ، ٩٠)

لێرەدا بەهەمان شێوە وشەی (ڕەنگ) هایپۆنیمە و سەرجەم ڕەنگەکان : ( سوور، زەرد، سەوز،...هتد) دادەپۆشێت، ئەمەش وادەکات ئابووریکردن لە هزر و دەربڕیندا لەم وشەیەدا ( ڕەنگ) لای شاعیر دەربکەوێت، ئەمە جگە لە لایەن جوانناسییەکەی، کە بە شیعرەکەی بە خشیوە.

**(٤/٢_٢) میتافۆر :**

میتافۆر، دیاردەیەکی زمانیی بڵاوە، لە زۆر شێوە و بواری گەیاندنی زمانیدا دەبینرێت، چەمکی میتافۆر بریتییە لە : (( گواستنەوەی واتایەك بۆ واتایەکی تر، یاخود پەڕینەوەی شتێکە لە واتە بنەڕەتییەکەوە بۆ واتایەکی تر)) (مستەفا و محەمەد، ٢٠٢١، ١٢٥ ). بۆ نموونە : کە دەگۆترێت : شا باری کرد. ( واتە : خەڵکی شار دیاری کرد).

بەکارهێنانی بیرۆکەی میتافۆر لە شیعردا، کە خۆی لە لادانی واتایی ڕەنگرێژ دەکات، یەکێکە لە گریمانەکان لە چوارجێوەی تیۆری میتافۆری چەمکی، بە جۆرێك شاعیر بە پێکهاتەی فەرهەنگی و کۆدی جیاواز، وێنای جیهان و دەوروبەری دەکات و بیرکردنەوەکانی بە وێنەی میتافۆرییەکان بەر جەستە دەکات، ئەم بەرجەستە کردنەش جیاوازە لە واتای بنەڕەتی وشەکان و کۆمەڵێك خوازەی جیاوازیی شاراوەی لە پشتە، ئەم واتا شاراوانەش بەشێکی گرنگیی ئابووریکردنی زمانیی پێکدەهێنن، لە نێوەندەدا، شاعیر (تەلعەت تاهیر) لە شیعرەکانیدا کۆمەڵێك میتافۆری بەکارهێناوە و فەرهەنگی شیعرەکانیشی پێی دەوڵەمەندکردووە و ئابوورییەکی گرنگی زمانیشی تێیدا دەرکەوتووە، بۆ نموونە : لە شیعری ( هێزی ڕاکێشان) دەڵێت :

**ئیشم بە وشەی موگناتیسە**

**چونکە دڵی تۆ ئاسنە ئاسن** ( تەلعەت تاهیر، ٣٤٠).

میتافۆری ئەم شیعرە لەوەدایە، شاعیر دڵی یارەکەی بە ئاسن چوواندووە، بەڵام دڵ ئاسن نییە، ئەمەش لادانێکی واتاییە، چونکە مەبەستی تری لە پشتە، ئەویش ئەوەیە، دڵی تۆ لە ڕەقیدا وەك ئاسن وایە، ئەم واتا شاراوانەش، کە نەگوتراون، شێوازێکی تری ئابووریکردنی زمانە.

هەر لەم ڕوانگەیەوە، شاعیر لە شیعری (تریفە) دەڵێت :

**تۆ مانگی منیت** (تەلعەت تاهیر، ١٩٧)

لێرەدا مەبەست لەوەیە ؛ تۆ شەوانی من وەکو مانگ ڕووناك دەکەیتەوە، وەکو مانگ دیار و دروشاوە و ناوەی، مانا نادیار و نەگوتراوش، هەڵگری میتافۆرێکن لە چوارچێوەی لادانی واتایی و شێوازێکی گرنگیی ئابووریکردنی زمانیی پێکدەهێنن، چونکە کۆمەڵێك واتا و مەبەست لادراوە و کورتبڕی تێدا کراوە.

**ئەنجام**

لە کۆتایی توێژینەوەکە، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەخوارەوە:

1_ شاعیر مەبەستی لە ئابووریکردن ئەوەیە تاوەکو هاوسەنگییەکی ورد لە نێوان بەکارهێنانی توخمە زمانی و دەربڕینەکاندا بەدیبهێنێت، بۆ دڵنیابوون لە جوانی و بەهێزیی دەقە شیعرییەکە، دوورکەوتنەوە لە زیادەڕەوی لە بەکارهێنانی ئامرازە زمانییەکان لە شوێنی نەگونجاودا بە مەرجی دروستنەبوونی لێڵواتایی.

2_ گرنگیی ئابووریکردنی زمانی لە شیعردا بریتییە لە زیادکردنی کاریگەری و هێز لە شیعری پوخت و چڕ، کاریگەری و قووڵیی زیاتری لەلای وەرگر دەبێت، هەروەها جوانییەکی هونەری و توانای فڕینی لە مێشکی خوێنەردا بە شیعر دەبەخشێت، سەرەڕای ئەمەش، یارمەتیدەرە لە گەیاندنی پەیامی شیعری بە شێوەیەکی کاریگەر و خێرا، کە وادەکات وەرگر بە ئاسانی لێیتێبگات و وەریبگرێت.

3_ بنەماکانی ئابووری زمان دەبنە هۆی ڕەنگدانەوەی هەستێکی زیاتر بە دڵنیابوون لەوەی، کە هەموو وشەیەک بە مەبەست و واتا بەکارهاتووە. کاتێک شاعیران زمانی زیادە لادەبەن و تەرکیز دەکەنە سەر وێنەی زیندوو، پەیوەندی بەهێزتر لە نێوان خوێنەر و هەستی ناوەکی شیعرەکەدا دروست دەکەن.

٤- بەنموونەی ئەو دەقە شیعرییانەی ، کە لە دوو توێی دیوانەکەی شاعیر ( تەلعەت تاهیر) وەرگیراوە ، دەردەکەوێت ، کە ئابووریکردن لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا بە پلەی یەکەم و بە پلەی دووەم لە ئاستی ڕستەسازی و بە پلەی سێ یەم لە ئاستی وشەسازی و بە پلەی چوارەم لە ئاستی واتاسازی دەرکەوتەیان هەیە .

**سەرچاوەکان**

**-بەزمانی کوردی:**

توفیق، قەیس کاکل( ٢٠٠٢ ) ، پەیوەندییەکانی نێودەق، تێزی دکتۆرا، زانکوی سەڵاحەدین، هەولێر.

ڕەسول و موسا ، عەبدوڵلا حسێن و عەبدولوەهاب خالد (٢٠٠٥ ) ، وشەی سفر مۆرفیمی سفر، گوڤاری زمان و زمانڤانی ، چاپخانەی هاوار، دهوک.

ڕەسول، عزەدین مستەفا(١٩٩٠ ) ، شیعری نوێی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر.

سالح، دەرون عەبدولرەحمان( ٢٠١٢ ) ، ئیکونۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، هەولێر.

سلێمان، ئاسۆس ئەنوەر (٢٠٢٣ ) ، ئابووریکردن لە زمان لەبەر ڕۆشنایی پەیوەندییەکانی دەق لە دەوروبەردا، گوڤاری زانکۆی سەڵاحەدین بۆ زانستە مروڤاتییەکان، بەرگی (٢٧) ژمارە(٦) .

سەفەوی، کوروش ( ٢٠٠٦ ) ، چەند لایەنێکی واتاسازی ، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

علی، تالیب حوسێن(١٩٨٩ ) ، فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسانبوونی فۆنیمەکان لە زاری سلێمانی، نامەی ماستەر ، کولێجی ئاداب زانکۆی سەڵاحەدین ، هەولێر.

فەتاح، محەمەد مەعروف(٢٠١١ ) ، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

فەرەج، دلبەر ئیبراهیم(٢٠٠٠ ) ، یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

فەرەج، هۆگر محمود( ٢٠٠٥ ) ، کردەی گەیاندن لە نێوان سیمانتیک و پراگماتیک ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژمارە(١٥) .

قادر، یارا محەمەد (٢٠١٣ ) ، مورفۆسینتاکس لە زاری کۆیە، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

کەمال، دیار عەلی (٢٠٠٠ ) ، زمانی شیعری، گۆڤاری بەیان، ژمارە (٣٢).

گەردی، عەزیز (١٩٧٤ ) ئەدەب و ڕەخنە، چاپی یەکەم، چاپخانەی الحداث ، بغداد.

سەجادی، عەلائەدین( ١٩٨٧ ) ، خۆشخوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد.

فەتاح، محەمەد مەعروف (٢٠١٠ ) ، لێکولینەوە زمانەوانییەکان ، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: شێروان خوشناو و شێروان میرزا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

مستەفا و محەمەد، مستەفا رەزا و دەشتی بەهجەت (٢٠١٢ ) ، ڕوڵی میتافوڕ لە کشانی واتادا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی، (٨) ژمارە(٣).

مارف، ئەورەحمانی حاجی( ١٩٧٦ ) ، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنای فۆنەتیکدا ، چاپخانەی کوری زانیاری کورد، بەغداد.

مارف، ئەورەحمانی حاجی( ٢٠٠٤ ) ، فەرهەنگی زمانناسی، چاپی یەکەم، سلێمانی.

محەمەد، فەرەیدون عەبدول( ١٩٨٩ ) ،نادیاری، نامەی ماستەر، کولێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین .

**-بە زمانی عەرەبی:**

آمین، ئەحمەد ( ١٩٨٣ ) ،النقد الأدبي، مكتبة النهضة، المصرية، طبعة الخامس، القاهرة.

رقاني (٢٠١٤ ) ، القتصاد للغوي في المستوي التركيبى، رسالة ماجستر، جامعة اكلي معند و الحاج، الجزائر.

طيب، حسن(٢٠٠٤ ) ،علم المعاني في الموروث البلاغي، الطبعة الثاني ، مكتبة ايمان.

فضل، عاطف(٢٠٠٥ ) ، مقدمة في للسانيات للطالب الجامعي، الطبعة الأول، دارا الرازي عمان- الردن.

جيرو، بيير (1989)، علم الدلالة، ترجمة: فندر غياشى، دار طلاس، دمشق، سوريا.

دبة، الطيب(2001) ، مبادىء اللسانيات البنيوية. دار القصبة للنشر، الجزائر.

قباوة، فخرالدين(2001)، الاقتصاد اللغوي في صياغة المفرد، الطبعة الأول ، مكتبة لبنان ناشرون، لبنان.

**-بە زمانی فارسی:**

يول، جورج( ١٣٨٦ ) ، نگاهى به زبان ، ترجمه: نسرين حيدر ، چاپ هفتم ، تهران.

**المصادر والمراجع**

**باللغة الكردية:**

توفيق، قيس كاكيل (2002). العلاقات بين النصوص. أطروحة دكتوراه، جامعة صلاح الدين، أربيل.

رسول و موسى، عبدالله حسين و عبدالوهاب خالد (2005). الكلمة الصفرية، المورفيم الصفري. مجلة اللغة واللسانيات. مطبعة هوار، دهوك.

رسول، عزالدين مصطفى (1990). الشعر الكردي الحديث. الطبعة الأولى. مطبعة وزارة الثقافة، أربيل.

صالح، درون عبد الرحمن (2012). الاقتصاد اللغوي على مستويات اللغة الكردية. الطبعة الأولى، أربيل.

سليمان، آسوس أنور (2023). الاقتصاد في اللغة في ضوء الترابط النصي في السياق. مجلة جامعة صلاح الدين للعلوم الإنسانية، مجلد (27)، عدد (6).

صفوي، كوروش (2006). بعض جوانب علم الدلالة. الطبعة الأولى. مطبعة وزارة التربية، أربيل.

علي، طالب حسين (1989). علم الأصوات الكردي وظاهرة تسهيل الفونيمات في لهجة السليمانية. رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، أربيل.

فتاح، محمد معروف (2011). اللسانيات. الطبعة الثالثة. مطبعة الأكاديمية الكردية، أربيل.

فرج، دلبر إبراهيم (2000). القواعد الصوتية للغة الكردية. رسالة ماجستير، كلية اللغات، جامعة السليمانية.

فرج، هوكر محمود (2005). عملية التوصيل بين علم الدلالة وعلم التداولية. مجلة جامعة السليمانية، عدد (15).

قادر، يارا محمد (2013). التركيب الصرفي النحوي في لهجة كوي سنجق. الطبعة الأولى. مطبعة كمال، السليمانية.

كمال، ديار علي (2000). اللغة الشعرية. مجلة بيان، عدد (32).

كردي، عزيز (1974). الأدب والنقد. الطبعة الأولى. مطبعة الحداث، بغداد.

معروف، عرفة حاجي (1976). اللغة الكردية في ضوء الصوتيات. مطبعة مركز المعلومات الكردية، بغداد.

معروف، عرفة حاجي (2004). قاموس اللسانيات. الطبعة الأولى، السليمانية.

محمد، فريدون عبدول (1989). عدم التحديد. رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين.

مصطفى و محمد، مصطفى رضا ودشتي بهجت (2012). دور الاستعارة في توسيع الدلالة. مجلة جامعة كرميان، مجلد (8)، عدد (3).

سجادي، علاءالدين (1987). الإيقاع والتنغيم. الطبعة الأولى. مطبعة المعارف، بغداد.

فتاح، محمد معروف (2010). تحليلات اللسانية. جمع وإعداد: شيروان خوشناو وشيروان ميرزا. الطبعة الأولى. مطبعة مكريان، أربيل.

**باللغة العربية:**

أمين، أحمد (1983). النقد الأدبي. مكتبة النهضة المصرية، الطبعة الخامسة، القاهرة.

رقاني (2014). الاقتصاد اللغوي على المستوى التركيبي. رسالة ماجستير، جامعة أكلي محند الحاج، الجزائر.

طيب، حسن (2004). علم المعاني في الموروث البلاغي. الطبعة الثانية، مكتبة إيمان.

فضل، عاطف (2005). مقدمة في اللسانيات للطالب الجامعي. الطبعة الأولى، دار الرازي، عمان - الأردن.

جيرو، بيير (1989). علم الدلالة. ترجمة: فندر غياشي. دار طلاس، دمشق، سوريا.

دبة، الطيب (2001). مبادئ اللسانيات البنيوية. دار القصبة للنشر، الجزائر.

قباوة، فخر الدين (2001). الاقتصاد اللغوي في صياغة المفرد. الطبعة الأولى، مكتبة لبنان ناشرون، لبنان.

**باللغة الفارسية:**

يول، جورج (2007). نظرة إلى اللغة. ترجمة: نسرين حيدر. الطبعة السابعة، طهران.

**English References**

AMERICAN JOURNAL OF EDUCATION AND LEARNING) ISSN: 2996-5128 (online) | ResearchBib (IF) = 10.91 IMPACT FACTOR.

American Journal of Education and Learning. (n.d.). *American Journal of Education and Learning*.

Fayzullaeva, N. (2025). Grammatical economy as expressing economy in the syntactic and morphological structure of a language. *Modern Science and Research*.

Grammarli. (n.d.). *Grammarli*. http://www.grammarli.com.

Leech, G. N. (1969). *A linguistic guide to English poetry*. Longman.

Leech,G.N.(1969). A Linguistic Guide to English Poetry. London: Longman.

Short, M. (1996). *Exploring the language of poems, plays and prose*. Longman.

Short,M. (1996). Exploring the Language of Poems, Plays and Prose. London: Longman.

trask. R. (1993) Adictionarly of Grammatical terms in linguistics, Routledge: London

Trask, R. L. (1993). *A dictionary of grammatical terms in linguistics*. Routledge.

Vicentini, A. (2003). The economy principle in language: Notes and observations from early modern English grammars.

Vicentini, Alessandra (2003). "The economy principle in language. Notes and observations from early modern English grammars"

**Kurdish References**

Ali, T. H. (1989). *Kurdish phonology and the phenomenon of phoneme simplification in the Sulaymaniyah dialect* (Master's thesis, Salahaddin University).

Faraj, D. I. (2000). *Phonological rules of the Kurdish language* (Master's thesis, University of Sulaymaniyah).

Faraj, H. M. (2005). The act of communication between semantics and pragmatics. *Sulaymaniyah University Journal*, (15).

Fatah, M. M. (2010). *Linguistic analyses* (S. Khushnaw & S. Mirza, Eds.). Mukriyan Press.

Fatah, M. M. (2011). *Linguistics* (3rd ed.). Kurdish Academy Press.

Girdi, A. (1974). *Literature and criticism*. Al-Hadath Press.

Kamal, D. A. (2000). Poetic language. *Beyan Journal*, (32).

Marif, O. H. (1976). *The Kurdish language in the light of phonetics*. Kurdish Information Center Press.

Marif, O. H. (2004). *Dictionary of linguistics*.

Muhammad, F. A. (1989). *Indeterminacy* (Master's thesis, Salahaddin University).

Mustafa, M. R., & Dashty, B. (2012). The role of metaphor in semantic expansion. *Garmian University Journal*, 8(3).

Qadir, Y. M. (2013). *Morphosyntax in the Koye dialect*. Kamal Press.

Rasul, A. H., & Abdulwahab, K. (2005). The zero word, the zero morpheme. *Journal of Language and Linguistics*. Hawar Press.

Rasul, I. M. (1990). *Modern Kurdish poetry*. Ministry of Culture Press.

Safavi, K. (2006). *Aspects of semantics*. Ministry of Education Press.

Sajadi, A. (1987). *Euphony*. Ma'aref Press.

Saleh, D. A. (2012). *Economy at the levels of the Kurdish language*.

Suleiman, A. A. (2023). Linguistic economy in the light of textual coherence in context. *Salahaddin University Journal for Humanities*, 27(6).

Tawfeeq, Q. K. (2002). *Intertextual relationships* (PhD thesis, Salahaddin University).

**Arabic References**

Amin, A. (1983). *Literary criticism* (5th ed.). Egyptian Renaissance Library.

Dabbah, A.-T. (2001). *Principles of structural linguistics*. Al-Qasba Publishing House.

Fadl, A. (2005). *An introduction to linguistics for the university student*. Al-Razi Dar.

Guiraud, P. (1989). *Semantics* (F. Ghiyathi, Trans.). Dar Talas.

Qabawa, F. (2001). *Linguistic economy in word formation*. Lebanon Libraries Publishers.

Rqani. (2014). *Linguistic economy at the syntactic level* (Master's thesis, University of Akli Mohand Al-Haj).

Tayyib, H. (2004). *Semantics in the rhetorical heritage* (2nd ed.). Iman Library.

**Persian References**

Yule, G. (2007). *A look at language* (N. Heidar, Trans., 7th ed.). Tehran.